


# ڕەنگی نوێ

ئەسعەد عەزیز محەمەد
(کەرکووک)

بەدوای ناوونیشانی چیرۆکەکەمدا دەگەڕام، پرسیارم لە بەرنامەی (چات جی پی تی) (زیرەکیی دەستکرد) کرد، لەپاش هەندێک پرسیار و پێدانی ڕوونکردنەوە، ناوی (ئەو ڕەنگەی هیچ کەس نەیبینی) بۆ چیرۆکەکە هەڵبژارد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناوونیشانەم ڕەت کردەوە و بۆ دژایەتیکردن و عینادی زیرەکیی دەستکرد کە هەموو شتێکی لەچوار دەورمان قۆرخ کردووە، یان بۆ ڕازیکردنی لەخۆباییبوونی خۆم بوو ناوونیشانی (ڕەنگێکی نوێ)م بۆ هەڵبژارد.

پرسیاری (کارەکتەر)م لە بەرنامەی زیرەکیی دەستکرد کرد، زۆر نموونەی جیاوازی لە کارەکتەر بۆ دەستنیشان کردم، کە زۆربەیان پێوەندییان بە هونەری وێنەکێشانەوە هەبوو وەک (هونەرمەند، وێنەکێش، پسپۆری ڕەنگ، خاوەن گەلەری هونەری... تاد)، من هیچ کام لەو کارەکتەرانەم بەدڵ نەبوون. دەمویست کارەکتەرێکی تایبەت بە چیرۆکەکەم دیاری بکەم. کارەکتەرێک کارامەیی و سیما و دەستڕەنگینی خۆی هەبێت. ئەو کەسەی ڕۆڵی پاڵەوانم لە چیرۆکەکە پێ دا، کەسێکی گەڕیدەی زانست و زانیاری و دۆزەرەوەی نهێنییەکان بوو، کارەکتەری چیرۆک (کیمیاگەر و دەروونزان) بوو، بە درێژایی ژیانی بیری لە شتە شاراوەکان دەکردەوە، هەوڵی دەدا لاپەڕە سپییەکان بخوێنێتەوە. بە شێوەیەکی زۆر سەیر پشکنینی بۆ هەموو بابەتێک دەکرد، کە بەرچاوی بکەوتایە. کەسێک بوو لە پرسیارکردن ڕانەدەوەستا، هەموو کات بەدوای وەڵامی پرسیارە هەنووکەییەکاندا دەگەڕا. یەکێک لەو پرسیارانەی بەردەوام سەرقاڵی کردبوو، تووشی سەرئێشەی

کرد، لە هەموو شوێنێکدا بۆ وەڵامی دەگەڕا ئەو پرسیارە بوو (چۆن؟ بە چی شێوەیەک دەتوانین ناخی کەسەکان ببینین؟) لە کارکردن ڕانەدەوەستا، لە تاقیگەکەی خۆیدا هەموو شارەزایی و پسپۆڕی لە بواری زانستی کیمیادا بەگەڕخستبوو، بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەیەکی کیمیایی کە ڕەنگدانەوەی بەسەر بیرکردنەوە و ناخ و هۆشیاری کەسەکانەوە هەبێت.

چەندان ساڵ کاری کرد، ئەزموونی نوێی جێبەجێ کرد، ماندووبوو، تا توانی بە درێژەپێدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ڕەنگێکی نوێ بەرهەم بهێنێت. چات جی پی تی ناوی (ڕەنگی نەبینراوی) لێ نا. کیمیاگەر و دەروونزان ناوی ڕەنگی (بێ ڕەنگی) لێ نا، منیش ناوی (ڕەنگی نوێ)م لێ نا. هەرسێ ناوەکەش بۆ ئەو پێکهاتە نوێیە زۆر گونجاو بوو؛ چونکە شتێکی بینراو نەبوو، کە دەتبینی لەجیاتی ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەنگە لە گلێنەی چاوت ڕەنگ بداتەوە و لە هاوێنەی چاو وێنا بکرێت، ئەوە وێنای ئەو ڕەنگەی دەکرد کە لە ناخت هەبوو، لەبەر ئەوە هەندێک کەس ناوی (ڕەنگی ناخ)، یان (ڕەنگی دەروون)یان بۆ هەڵبژارد.

ئەو کەسەی ڕەنگەکەی هێناوەتە بوون، واتا (کیمیاگەر و دەروونزانەکە)، ئەویش بەناولێنانی (بێ ڕەنگ) مەبەستەکەی پێکابوو، ئەو ڕەنگە هەرگیز ڕوخسارێکی ماددی و بەرجەستە و بینراوی نەبوو تا ڕەنگێک، بەڕەنگێکی نوێ، یان ڕەنگێکی تر داپۆشێت. منی چیرۆکنووس ناوی (ڕەنگی نوێ)م لەجیاتی بێ ڕەنگ و ڕەنگی نەبینراو بۆی هەڵبژارد و بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرد، لەبەر ئەوەی هەموو ڕەنگێک کە مرۆڤ دەیبینێت، کاردانەوەی لەسەرەتادا بۆ سەربینین دەبێت و دواجاریش کاریگەری بۆ سەر هۆش و بیرکردنەوە و دەروونی کەسەکان دەبێت، ئەوەتا ڕەنگی شین ئارامی و حەوانەوە بەبیرکردنەوەی کەسەکان دەدات، یان ڕەنگی سەوز پشوو و دڵفراوانی و چێژ و بەخشندەیی بەچاو و دەروون دەدات. ئەم ڕەنگە تازەیە ئاوێنەیەکە بۆ پیشاندانی ئەو کەسەی ڕەنگەکە دەبینێت. دەرخستنی شێوە و ڕوخساری ئەو کەسە لە کاتێکدا کە سەیری ڕەنگەکە دەکات. کیمیاگەر و دەروونزان دەیویست کاردانەوەی خەڵک لەبەرانبەر سەیرکردنی ئەو ڕەنگە ناوازەیە ببینێت کاتێک سەیری ڕەنگی نەبینراو، یان ڕەنگی بێ ڕەنگ، یان ڕەنگی نوێ دەکەن، لەبەر ئەوە دەرگەی سەرەکی پارکەکەی پێ بۆیاخ کرد، لە ماوەی سێ ڕۆژدا کاردانەوەی ئەو کەسانەی بینی و تۆمارکرد کە سەیری ڕەنگە نوێیەکەیان دەکرد. لە ڕۆژی یەکەمدا ژنێکی بەساڵاچوو، کە هەموو تەمەنی ڕەنج و داماوی و ئازار و زەحمەتکێشان بوو، بە چاوی کز و بە دیدەی پڕ لە نەهامەتی سەیری ئەو ڕەنگەی کرد کە دەروازەی پارکەکەی پێ بۆیە کرابوو، بە هەستێکی قووڵ گوتی: «کێ ڕەنگی حەسرەتی لێرەدا کێشاوە؟» ئەوە ڕەنگی ناخی منە. زۆر کەسی تر بەو دەرگەیەدا تێپەڕ بوون، بێ ئەوەی سەیری ڕەنگەکە بکەن و ئاوڕ لە ڕەنگەکە بدەنەوە. بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ کابرایەک لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا بوو، بەرەو پارکەکە دەچوو، کە سەری هەڵبڕی نیگای ڕوانینی بەر دیمەنی ڕەنگەکە کەوت شۆک بوو، بە کەسێک دەچوو کارەبا گرتبێتی و توانایی جووڵەی نەبێت. بەدەم سەیرکردنی ڕەنگەکەوە هەنگاوی بەرەو دواوە دەنا و دەیگوت: «کێ ئەم ڕەنگە پیسەی لێرە کردووە؟» کە لێیان پرسی ئەو ڕەنگە چ

جۆرە ڕەنگێکـە وا پیسـە؟ وتـی: (نازانـم، نـاوی چییـە؟ چ جـۆرە ڕەنگێکـە؟ بـە تەنیـا ئەوەنـدە دەزانـم ئـەوە ڕەنگـی سـتەم و کوشـتن و دزی و دەسـتدرێژیکردنە بـۆ سـەر مافـی خەڵکـی تـر). چەند کاتژمێرێک پاش هاتنی ئـەو کەسـە، واتا سـەرلەبەیانی ڕۆژی دواتـر، دوو سێ منداڵـی جوان و ژیکەڵـە بـۆ یاریکـردن بـەرەو نـاو باخچـە هاتـن. منداڵـی یەکـەم: (ئـەوە ڕەنگـی پاکیزەییـە، بـەو ڕەنگـەی دەروونمـان ژیـان جوانتـر دەبێـت).

منداڵـی دووەم: (ڕەنگی منداڵـی، ڕەنگی ژیانە، ڕەنگـی گـڕوگاڵ و یاریکردنە.)

منداڵـی سـێیەم: (ڕەنگی ئاییندەی گەشـاوەمانە، ڕەنگێکی چەنـد جوانە.)

کچێکـی دڵشـکاو کـە بـۆ پارکەکـە دەڕۆیشـت بـە یـادی بەبیـر هاتنـەوەی ژوانـی ڕۆژگاری بەسـەرچوو بەرانبـەر ڕەنگـی نەبینـراو کـە وەک ئاوێنەیەکـی نـاخ و دەروون و هەسـت و سـۆزی قەتیسـی کەڵەکەبـووی خـۆی بـوو، ڕاوەسـتا خەفـەت بارێکی لەسـەر شـانی گـران بـوو، بەڕواڵەتـی کەسـێکی پەشـۆکاو و مەلـوول گوتـی: (ئەمـە ڕەنگـی خـەم و پەژارەیـە، ڕەنگـی بەشـمەینەتی و ناخۆشـی و داماوییـە. کێ ئـەم ڕەنگـەی بـۆ حاڵـی مـن بۆیـە کـردووە؟ هەمـوو شـتیک لـە دەروونـی سـووتاوم جـاڕی خەمێکـی قووڵـی دەدا.)

وشـەی (کۆتایـی)م نووسـی بەرنامـەی زیرەکیـی دەسـتکرد کـە وەک چاودێرێـک دیقەتـی دەدام و چاودێریـی ڕووداوەکانـی نـاو چیرۆکەکـەی دەکـرد. دەنگـی هەڵبـڕی و بەتووڕەییـەوە گوتـی: (بەنیازی چیـت؟) منیـش نازانـم بـە هـۆکاری هەناسـە کورتی بـوو، یـان بـە هـۆکاری ماندووبـوون، یـان بەهـەر هۆکارێکـی تـر گوتـم: (کۆتایـی بـە گێڕانـەوەی چیرۆکەکـە دێنـم.) جارێکـی تـر پێـی گوتـم: (تـۆ ناتوانیـت کۆتایـی بـەم چیرۆکـە بهێنیـت)، منیـش سـەرم سـوڕما، بـە هەسـتێکی شـڵەژاو کـە سـەیری ڕەنگەکەشـم کرد شـڵەژاندن و پەشـۆکاویم پێـوە دیاربـوو. گوتـم : (ئـەی چـی بکـەم؟) گوتـی: (تـۆ هیـچ مەکـە، چیرۆکەکـە بەواڵایـی بەجـێ بهێڵـە، بـۆ ئـەوەی ئەگـەر هـەر کەسـێکی تـر هـات، بەبینینـی ئـەو ڕەنگـە نەبینـراوە، یـان بێ ڕەنـگ، یـان ڕەنگێکـی نـوێ خـۆی تێیـدا وێنـا بـکات و دەروونـی لـە ڕەنگاڵـە و ڕەنگدانـەوەی ببینێـت.)

کانوونی یەکەم- ٢٠٢٥